وەزارەتی بەرگری تورکیا داوای لە (هەسەدە) کرد کە پابەندی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتن لەگەڵ دیمەشق بێت

وەزارەتی بەرگری تورکیا ، پەیامێکی ئاراستەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کرد،جەختیکردەوە کە دەبێت هەسەدە پابەندی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتن لەگەڵ دیمەشق بێت.

وەزارەتی بەرگری تورکیا لەو بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە، چاوەڕوان دەکات هێزەکانی سوریای دیموکرات بەپێی پابەندی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتن لەگەڵ حکومەتی سوریا ڕابگەیەنێت، ئەو "لەدوانەی جوداخوازانە" کە لەلایەن هەڵکخراوەکەوە لە کۆنفرانسەکەیدا لە حەسەکە لە 8ی (ئاب/8) ڕاگەیەندرا، پێچەوانەی ئەو هەڵکەوتنەیە کە لەگەڵ دیمەشق واژۆکراوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەکاتێکدا حکومەتی سوریا هەبازێکی هەمەلایەنە و یەکگرتو نیشاندەدات کە ئامانجی کۆتاییهێنانە بە هەمو دابەشکارییە نەتەوەیی و ئایینی و تائیفییەکان لەناو وڵاتەکەدا، "هەسوکەوتی ئیستفزازی و دابەشکاری هەڵکخراوی هەسەدە هەگری لەو پرسیە دەکات".

وەزارەتەکە باسی لەوەکردوە، بانگەوازەکەی حکومەتی سوریا بە "یەک دەوڵەت، یەک سوپا" زۆر گرنگە بە گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کە لەمەڕ چاوەڕوان دەکرێت، چاوەڕوانیی خۆی دوپاتکردەوە لە پابەندبونی تەواو بەو هەڵکەوتنەی لە نێوان دیمەشق و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە

8ی ئازاردا واژەکرا و جەبەجەکردنی خەرای لەسەر زەوی، بەشداریکردن لە بنیاتنانی سوریایەکی سەقامگیر و ئارام و ئەمن و دور لە تیرەر.

وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕونیشیکردەوە، لە سەرتاوە بەرگری لە "یەکەتی سیاسی سوریا و یەکپارچەیی خاکی سوریا" کردوە و بەردەوامیش دەبێت لە پاڵپشتیکردنی، واژەکردنی یاداشتنامەی لەکتەگەیشتنی هاوبەشی مەشق و هاوەژکاری دوەنە نوەنەرایەتی هەنگاوەکی گرنگە لە ڕەگای هاوکاریی نێوان هەردو وەاتدا.

ئەوەشی خستەڕو، تورکیا ئیرادەی خۆی بە پاڵپشتیکردنی سوریا لە شەڕی دژی تیرەر و بەهەزکردنی تواناکانی بەرگری و ئەمنی دوپاتدەکاتەو، وەزیرانی بەرگری تورکیا و سوریا لە 13ی ئابی 2025 یاداشتنامەی لەکتەگەیشتنی هاوبەشیان واژەکردوە، کە ڕەنگدانەوەی بەهەزبونی هاریکاری سەربازی و ئەمنی نێوان هەردو وەاتە.